مەسعود پزیشکیان: ئێران هەوڵی هەڵگرتنی چەکی ئەتۆمی نادات

مەسعود پزیشکیان سەرۆك کۆماری ئێران ئەمڕۆ چوارشەممە رایگەیاند، ئێران هەوڵی هەڵگرتنی چەکی ئەتۆمی نادات و هێرش ناکاتە سەر هیچ وڵاتێك و شەممەی داهاتوش وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی دەچێتە عومان بۆ ئەنجامدانی دانوستانی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا.

مەسعود پزیشکیان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، "ئێمە هەوڵی خاوەندارێتی چەکی ئەتۆمی نادەین، لە هیچ هەڵەشەیەکیش ناترسین، ئێمە بەدوای شەڕدا ناگەڕێین، هێرش ناکەین بۆ هیچ وڵاتێك، بەڵام ئێمە بە هۆز ڕوبەڕووی هەر هێرشێك دەبینەوە".
باسی لەوەشکرد، "ئێمە چەقبەستوین، سازش لەسەر هیچ شتێك ناکەین و بە هەمو هێزمان بەرگری لە وڵاتەکەمان دەکەین".

جەختیکردەوە، "ئێران نابێتە کۆڵێنی بێگانە، ئێمە ئاشتیمان دەوێت، ئەو سزا سەپێنەرانەش دەبێت هەڵیانبگرن".
سەرکی ئێران دەشێت، "عەباس عێراقچی وەزیری دەرەوەی ئێران شەممەی داهاتو سەردانی

سو□تا نیه□تی عومان ده□کات ب□ وتو□ژی نا□استه□وخ□ له□گه□□ ئه□مریکا".